www.kurdistannet.org
3-3-2007 15:39 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# جەستەی کەرکوک ... مزەفەر عەبدلوەهاب

کەرکوك ئەو مەسەلە هەستیارەیە لە قاموسی سیاسی عێراقدا یەکلاکردنەوەی بە ژمارەیەك گرێدراوە، ئەو ژمارەیەش بەندێکی دەستووری ئەو وڵاتەیە کە بە (140) ناسراوە، هەر چەندە تاکو ساتی نوسینی ئەم چەند دێرە تەنها وەکو ژمارەیەك ماوەتەوە، کەچی بۆتە هۆی دروستکردنی نارحەتییەکی زۆر بۆ گرێلەدڵ و شۆڤێنی و نۆکەران وبەپێچەوانەوە گەلی کوردستانیش بە چاوێکی پڕ لە ئومێد سەیری دەکات.

کەرکوکی زامدار لەماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵی رابووردودا بە هۆی سیاسەتە چەوتەکانەوە هیچ جۆرە پێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوەیەکی بە خۆوە نەبینیوە، خەڵکەکەی لە بری ڕەفاهییەت هەردەم بە کولەمەرگی ژیانیان گوزەراندووە. لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا کە ئاماژە بە بودجەی زل و زەبەلاحی عێراق دەکرێت وەکو پێویست لە بواری ئاوەدانکردنەوەو بیناسازی و ئاوەڕدانەوە لە دانیشتوانەکەی نەخراوەتە نێو ئەژندەی حکومەتەوە بە پاساوی ئەوەی تاکو ئێستا ناکۆکی لەسەرە!

هەر یەکی لە دراوسی و میوان و هەندێکیش لە بەکرێگیراوان خۆیان بە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو شارە دەزانن و هەمیشە خەنجەری ژەهراوییان ئاراستەی جەستەی برینداری دەکەن و زامەکەی قوڵتر دەکەنەوە، بەئاراستەی سیاسەتی رژێمی بەعسی لەناوچوو دەرحەق ئەو شارە هەنگاو دەگرن!

عەرەبە شۆڤێنییەکان راستەخۆو ئاشکرا رایدەگەیەنن نابی کەرکوك بگەڕێتەوە باوەشی هەرێمی کوردستان، بە خەیاڵی خۆیان پێیان وایە داستانی (مەجنون_لەیلا) لەو شارە رویداوەو عەنتەڕ و لوبێد و عوبێدیش هۆنراوەو پەخشانی ناوازەیان لەسەر دیمەنی سروشتی جوانی بیابانەکانی ئەم شارە هۆنیوەتەوە!

بەشێك لە تاقم و نۆکەرانی بێگانەش ئەوانەی ریموێد کۆنترۆڵەکانیان لە دەرەوەی سنورەوەیە و خۆیان لە ناوەوە، کەرکوك بە شاری خۆیان دەزانن و خەونێکی بەربڵاویان هەیە بۆیە هەموو هەوڵ و تێکۆشانیان لە پێناو ئەوەیە ئەو شارە تەسلیم بە دراوسێ ی دەرەوەی سنوور بکەن و لەبەرامبەریشدا ئافەرینێك وەربگرن!

ئاغاکانی ئەو تاقمەش وەکو پارووە چەورەکە سەیری کەرکوگ دەکەن و شەڕی دەستەو یەخە دەکەن لە پێناو ئەوەی هیچ نەبی لەتێکی بچوکیان لەو پارووە چەورە بەربکەوێ، هەر لەو ڕێگەیەشدا هەوڵدەدەن سوارەی حەمیدی زیندوو بکەنەوەو زۆر جاریش باسی مێزەرو عەبای جێماوی سوڵتان و والییەکانی عوسمانی داگیرکەرمان بۆ دەکەن!

ئەوانەی لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کردن خودی خۆیان دەزانن هیچ جۆرە مافێکیان لەو شارەدا نییەو نامۆن بەڵام چاویان لە ئاست خێرو بەرەکەت و ئەو نەوتەی لەکەرکوك هەیە کوێر بووە، بیری شۆڤێنی و داگیرکاری وایان لی دەکات رەچاوی خواست و ویستی دانیشتوان و خەڵکە رەسەنەکەی نەکەن و هەردەم لەمپەری سەخت بن لە هەمبەر هەر هەوڵێك بۆ ئاسایی کردنەوەی. قەدەری ئەم شارە وایە، گەر هاتوو لەسەر رووباری نەوت نەگیرسابایەتەوە ئەوا دوژمنان داگیرکەرانیش بەم شێوەیە بەرنامەڕێژییان بۆ لەت لەتکردنی جەستەی شەکەتی نەئەدا.

بەداخەوە سەرکردایەتی سیاسی کوردیش لە ماوەی رابووردودا نەیتوانی ئەو مەسەلە هەستیار و چارەنووسسازە یەکلابکاتەوەو رێگەچارەیەکی پەلەی بۆ بدۆزێتەوە بەرلەوەی ببێتە (ژمارە) بەواتای ئەوەی بکرێتە مادەو بەندی دەستوورو حەواڵە بە گەواڵە بکری و بەرپرسە باڵا غەیرەکانیش خۆی لی بدزنەوە!. . .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆیە لێرەدا بەندە پێشنیاریکم هەیە ئەویش: لەبەر ئەوەی بودجەی ئەمساڵی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بودجەی ساڵانەی چەند وڵاتێکی ئەفریقایە و حکومەت بەو مەبلەغە زلە ناتوانی نە کارەباو نە سوتەمەنی و نە شوێنی نیشتەجی بۆ هاوڵاتیانی هەر سی شاری هەولێرو دهۆك و سلێمانی دابین بکات، با لە پرۆژەی سەقەت و ناکاملیش سەرفی نەکات، با نیوەی ئەو بودجەیە بۆ مەسەلەی گێڕانەوەی کەرکوك خەرج بکات و برینی ئەو شارەی پی سارێژ بکات، بەجێبەجی کردنی ئەم پێشنیارە لەوە دڵنیام بە ماوەیەکی قیاسی کەم کەرکوك دەگەڕێتەوە باوەشی هەرێمی خۆشەویسی کوردستان و ئەو کاتەش خەڵکی بێنازی ئەو شارە تۆزێك بە ئاسوودەیی ژیان بەسەر دەبەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.